# تاسە

**خالید مەجید فەرەج**

وەرە ساقی شوشەی دڵم غەرقی خەمە
جەستەم شەکەت ،دڵ پڕ گریە، ڕێگام تەمە

لەو شەرابە پیاڵە پڕکەو بم دەرێ زوو
ووچان ناگرێ ئەم تەمەنە وا بەسەر چوو

هێند غەریب و تاسەبارم مەگەر هەر تۆ
بەو خەیاڵە مەلی خۆزگەم بێنیتە گۆ

وەرە ئەمشەو ڕۆحم تینووی ئەو دەنگەیە
ناخی مردووم پاراو بکە بە بەستەیە

بمباتەوە بۆ لای خاکی ئازیزانم
بۆ باوەشی پڕ لە میهری نیشتیمانم